# دیموکراسی راستەقینە یانی چی؟

دیموکراسی شێوازی سروشتی ڕێکخراو لە کۆمەڵە سەرە تاییەکانی مرۆڤایەتیدا بووە. لەمجۆرە کۆمەڵانەدا، کۆیی ئەندامانی هۆز، لە کۆبونەوە گشتییەکاندا، سەبارەت بە هەڵسورانی هاوبەشیان بە مافی بە تەواوی یەکسان، بریاریان ئەدا. لە قۆناخە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری، چۆن هەڵس وکەوت دەکرا، لە سەدەکانی ناوەڕاست دا و لە شارەکانی یونانی کون یان شارەکانی ئیتالیا و فلاندریش هەر بەمجۆرە بوو. ئەم جۆرە دیموکراسییە پێوەندی نەبوو بە تێگەیشتنی نەزەری لە یەکسانی مافەکانی هەمو ئەندامانی کۆمەڵ، بەڵکو ولأمێك بو بە پێویستییە عەمەلییەکانی نیزامی ئابوری. لەم ڕووەوە، نە شاگردی بەردەستی وەستاکار و نە کویلەکانی یونانی کۆن، هیچ کات لەمجۆرە دیموکراسییەدا بەشیان نەبووە. رادەی کاریگەری و نفوزی تاکەکان، لە کوبونەوە گشتییەکان دا پیوەندی بە ڕێژەی سامانی ئەوانەوە بووە.

دیموکراسی شێوازی هاوکاری و خۆ بەڕێوەبردن لەنێوان بەرهەم هینەرانی سەربەست و یەکسان بوو کە هەرکام لە ئەوان ئامرازی بەرهەم هێنان، زەوی، کارگا، یان دوکان وە کەرەسەی کاری خۆیان هەبو. لە "ئاتین" بۆ ڕاگەیشتن بە کاروباری جەماوەر کۆبونەوەی گشتی هاولاتییان بە ڕێك و پێکی پێك دەهات، لە حاڵێکدا کە ئەرکە ئیدارییەکان دەخرایە ئەستوی گروپ گەلێك کە کارەکانی خۆیان بە نۆرە و بۆ ماوەی دیاری کراو، بەڕیوە دەبرد. لە سەدەکانی ناوەڕاست دا لە شارەکانی ئوروپا، کاسبکاران سنف گەلێکیان هەبوو لەو کاتانەدا کە بنەماڵە ئەشرافییەکان دەسەڵاتیان بەسەر شارەکان دا نەدەما، شار لەلایەن بەرپرسی ئەو سنفانەوە بەڕێوە دەبرا. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دا کاتیك کە هێزی بەکرێگیراوانی چەکداری شازادەکان دەست و پیوەندەکانیان زال بوون، ئەو دیموکراسییەش کە لە ئارادا بوو لەناو چوو.

پەرەسەندنی سەرمایەداری هاوکات بوو لەگەڵ دەست پێکی قۆناخی دیموکراسی بورژوازی. لەم قوناخەدا، هەرچەند لە کردەوەدا دیموکراسی زۆش وەدی نەهات، بەڵام زەمینە مادیەکەی خولقا. لە نیزامی سەرمایەداری دا، بەرهەم هێنەرانی سەربەخۆن و بۆ فروشتنی کاڵاکەی خۆیان، بەهەر جۆرێك کە پێیان خۆش بێ، خاوەنی ماف ئازاد و یەکسانن. تەنانەت کرێکارانیش کە خاوەنانی هێزی کاری خۆیانن لەم ڕۆوە ئازادن. ئەو شۆڕشانەی کە ئیمتیازاتی ئاغا و دەرەبەگیان لەناو برد، بونە موژدەدەری ئازادی و یەکسانی لە ماف خاوەنداریەتی. بەهۆی ئەوە کە شۆڕش لەدژی فیئودالیەت پێویستی بە هێزی هاوئاهەنگی سەرجەم هاوڵاتیان بوو، یاسا بنەڕەتییەکانی سەرچاوە گرتو لەم شۆرشانە تایبەتمەندی قولی دیموکراتیکیان بوو. بەڵام ئەو یاسایانەی کە بە کردەوە بەکار دەبران لە راستیدا بەتەواوی جیاواز بوون. سەرمایەدارانی پیشەسازی کە لەو سەردەم دا نە ڕیژەیان ئەوەندە زۆر بوو نە هێزێکی ئاوا گرینگیان هەبوو، لەوە دەترسان کە نەکا چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، کە لەژێر گوشاری ڕەقەبەرایەتی و بەهرەکێشیدا بوون، سەرەنجام بتوانن نەزمی نوێی یاسایی بێننە ژێر ركێفی خۆیان.

لەم رووەوە ئەم چینەیان لە مافی دەنگدان بێبەش کرد. هەربەم هۆیە بو کە بە درێژایی سەدەی نوزدەهەم وەدەست هێنانی دیموکراسی سیاسی بو بە ئامانج و بەرنامەی عەمەلی سیاسی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا. ئەم چینانە تێگەیشتبون کە لەرێگای هەڵبژاردنی گشتی‌یەوە دەتوانن هێزی دەولەتی بەدەست بێنن و بەمجۆرە دەتوانن نیزامی سەرمایەداری کونترول بکەن و سەرەنجامیش لە ناوی بەرن. روالەتی مەسەلەکەش ئەوەیە کە لەم خەباتەدا بۆ گەیشتن بە دیموکراسی سەرکەوتو بوون. مافی دەنگدان وردە وردە پەرەی سەند، سەرەنجام ئەومافە لە سەرجەم ولاَتان، بۆ کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوەوە، بە رەسمیەت ناسرا. هەربەم هۆیەیە کە سەردەمی ئیمە نێوی سەردەمی دیموکراسی لێ نراوە. ئەمرۆکە ئاشکرایە کە دیموکراسی نەتەنیا مەترسی یان سەرچاوەی لاوازی سەرمایەداری نییە، بەڵکو یەکێك لە خاڵە بەهیزەکانیەتی. سەرمایەداری بە تەواوی سەقامگیر بووە. سەرمایەداران خاوەن پیشەسازی و تەجارەتن چینیکی زال بەسەر کۆمەڵگادان کە کرێکارانیك کە کاریان بۆ دەکەن لە مافی شارۆمەندی کۆمەلاَیەتی بەهرەمەندن. ئیستا ئیتر ئەوە سەلمیندراوە کە ئەگەر نارەزایەتی‌یەکان، رۆژرەشی‌یەکان کە دەتوانن ببن بە سەرچاوەی خرۆشان، لە رێگای رەخنەگرتن و خەباتی حیزبی و پارلمانیەوە دەربدرین و ریگایان بۆ بدۆزریتەوە، سەرمایەداری نەزمێکی سەقامگیرتر و پتەوتری دەبێ.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا لەنێوان چینەکان و گروپە کۆمەلاَیەتی‌یەکان لە روی بەرژەوەندی جیاوازەوە بەردەوام لە ململانێی و ناکۆکی دان. لەم کیشمە کیشەدا، گروپی نوێ بە بەرژەوەندی نوێ دێنە ئاراوە کە خوازیاری بەرەسمی ناسینی مافی خۆیانن. هەڵبژاردنی گشتی کە ئیتر بەربەستی‌یەك تیێدا نییە دەتوانێ لە روالەت دا مافی رادەربرین بەم گروپانە بدات. هەر گروپێکی پیشەسازی نوێ دەتوانێ لەسەر ئەساسی گرینگی و هێزی خۆی کاریگەری لەسەر سیستمی یاسا داریژی کۆمەڵگا دانێ. جا بۆیە دیموکراسی پارلمانی نەتەنیا شێوازێکی سیاسی شیاوی سەرمایەداری لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوەیە، بەڵکو بە درێژایی پەرەسەندنیشی شێوازێکی سیاسی شیاوی ئەو سیستمەیە.

بەلاَم ترس لە بەدەسەلات گەیشتنی جەماوەر هەروا لە ئارادایە، و پێویستە بیر لە رێ و شوێنێك بکرێتەوە کە لە دیموکراسی "کەڵکی خراپ" وەرنەگیرێ. دەبێ ئەم باوەرە بە جەماوەری چەوساوە بسەلمێندری کە: وەرەقەی دەنگدان ئامرازی دیاری کردنی چارەنوسی ئەوانە و ئەگەر جەماوەر لە چارەنوسی خۆیان نارازی بن و تەنیا خۆیان بە تاوانبار بزانن. بناغەی سیاسەت بە جۆریك دادەرێژێ کە حکومەتی هەلبژاردەی خەڵك، لە راستی‌دا حکومەتی خەڵك نەبێ!.

دەسەلاَتی خەڵك بەسەر نوینەرانی خۆیان دا تەنیا بۆ جارێکە ئەویش لەماوەی ٤ ساڵ دا. لە سەروبەندنی رۆژانی هەڵبژاردن دا هەلاو هەنگامەیەك لە تەبلیغاتی سیاسی بە دروشمە کۆنەکانەوە دەکەوێتە رێ، کە ئەو تەبلیغاتانە پڕە لە وادەو بەلێنی و بە جۆرێك هەمو شتەکان دادەپۆشی کە مەجال بۆ قەزاوەتێکی رەخنەگرانە بۆ هیچ کەس ناهێلێتەوە. ئەمە خودی دەنگ دەران نین کە کەسانی باوەر پێکراوی خۆیان دیاری دەکەن، ئەو کەسانە لەلایەن حیزبە سیاسی‌یە گەورەکانەوە بۆیان دیاری دەکرێن. لەنێو خۆی ئەو حیزبانەش دا دەنگدانی دەستەو تاقمی ریبەران گرینگە و مەسەلەکە لە پێش دا بە جۆرێك دیاری کراوە کە هەموان دەزانن نابێ بە سیما

**نەناسراوەکان دەنگ بدەن، چونکە دەنگدان بە ئەوان لە راستی‌دا بە زایەدانی دەنگەکانە. کرێکارانیش خۆیان لەگەل ئەو بارودۆخە رادێنن و بۆ ئەم مەبەستە حیزب پێك دێنن، وەك حیزبی سوسیال دیموکرات لە ئالمان، حیزبی کرێکار لە ئینگلیس، کە دەوری گرینگیان لە پارلمان دا هەیە. جیا لەو یاسا کۆمەلأیەتی‌یانەی کە پەیوەندیان بە کرێکارانەوە هەیە، زۆربەی مەسەلەکانی جێگای باس و راوێژ لە پارلمان دا پەیوەندیان بە بەرژەوەندی سەرمایەدارانەوە هەیە و هەلدەگەرینەوە سەر گیروگرفت و دژواری‌یەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری. ئەندامانی پارلمان پارێزەری بەرژەوەندی سەرمایەدارانن و هەموو مەسەلەکانیش لە روانگەی ئەو نەزمەوە چاو لێدەکەن کە دەسەلأتدارە. ئەندامانی کرێکاری پارلمانەکانیش وردە وردە دەبن بە سیاسەتمەدارانێکی جێگای پەسەند وەك سیاسەتمەدارانی حیزبەکانی دیکە، و ئەوانیش دەبن بە بەشیك لە دەسەلات بەسەر سەری خەلکەوە.**

**جیاواز لەوانە، دەسەلاتی ئەو مەجلیسە هەلبژێردراوانە لەئاست دەولەت دا سنورداره. لە پال پارلمان و بەمەبەستی بەرگری کردن لە نفوزی زۆری جەماوەر، رێکخراوگەلێکی دیکەی وەك مەجلیسی سەنا، مەجلیسی ماقولأن، مەجلیسی گەورە سەرمایەداران و هی‌تر _ هەن کە دوا بریار لەسەر پەسەندی کۆتایی هەر یاسایەك بەدەست ئەوانە. بەمجۆرە ئەوە فەرمانراوایانن کە لە بازنەی داخراوی بەرژەوەندی سەرمایەدارانی گەورەدا بریاری نیهایی ئەدەن. هەر ئەوانەن کە وەزیرەکان و ئەندامانی دەولەت دیاری دەکەن. سەرەتای، جیاکردنەوەی "دەسەلاتی یاسادارێژ" و "دەسەلاتی بەرێوبەر" ریگا دەگرێ لەوەی کە ئەندامانی پارلمان راستەوخۆ دەسەلأتدار بن. ئەوانەی یاسادارێژن نفوزیان بەسەر حکومەتە حقیقی‌یەکان دا ناراستەوخۆیە، کە لە رێگای نەدانی دەنگی متمانە، یان لە رێگای رەدکردنەوەی بودجەی دەولەتەوە خۆدەنوێنێ.**

**پێشتر وتمان کە لە سەرەتاوە خەسلەتی زاتی دیموکراسی لەوەدا بوو کە بەرێوەبەرانی هۆز لەلایەن خودی خەلکەوە هەلدەبژێردران، بەلام ئەم بنەمایە لە دیموکراسی پارلمانی‌دا وەدی نەهاتووە و ئەمە جێگای سەر سورمان نییە، چونکە ئامانجی ئەم چەشنە دیموکراسی‌یانە زەمانەت کردنی دەسەلاتداریەتی سەرمایەیە لە رێگای هێنانە ئارای ئەم چەمکە بێ ناوەروکە لەنێو جەماوەردا کە گویا ئەوان بەدانی دەنگی خۆیان بەسەر چارەنوسی خۆیان دا زال دەبن.**

**ئەم هەلس و کەوتە، پاشماوەی سەردەمی فیئودالی‌یە کە لە هەل و مەرجی دەسەلأتی سەرمایەداریش دا، هەرباوە. بورژوازی خۆی لە سەرەتادا هێشتا نەیدەزانی کە ئەگەر جل و بەرگی ئەشرافی فیئودال لەبەر نەکات و داوا لە جەماوەری چەوساوە نەکات کە بە هەمان شێوە کلأوی بۆ لەسەر هەلبگرن و رێزی بۆ دانێن، چۆن دەتوانێ دەسەلاتی خۆی نیشان بدات. بەلأم چەوسانەوەی سەرمایەداری هاوکاتە لەگەل ئەو هەلس و کەوتە لەخۆ رازیانەی سەرمایەداران کە خوازیاری ئەوە بوون کرێکاران لە بەرانبەریان دا تەسلیم بن، بوو بە هاندەریکی بەهێز بۆ کریکاران. هەل و مەرجەکەی لە بورژوازی ئالۆزتر کرد. لەم رووەوە خەباتی کرێکاران لەدژی هەژاری قولتر بوەوە کە نیشانەی تورەیی ئەوان لە پێشێل بوونی حورمەتی ئینسانیان بوو.**

**لە ئامریکا، هەل ومەرجەکە بە جۆرێکی دیکە بوو. گوایا لە ئەوبەری ئوقیانوسی ئەتلەس فیئودالیزم هیچ چەشنە پەیوەندی‌یەکی بە ژیانی مرۆڤایەتی‌یەوە نەمابو. لە هەلمەتێکی مان و نەمان دا بۆ درێژەدان بە ژیان لە**

**قارەیەکی بێسەرەو بەرەدا، بایەخی هەر کەسێك پەیوەندی بە تایبەتمەندی کەسایەتی خۆیەوە هەبو. بەمجۆرە ئەوینی سەرمایەداری دیموکراسی، وەك میراتێك لە روحی سەربەخۆیی خوازانەی ئەو کەسانەی کە قارەی ئامریکایان دۆزیوە، لەنێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئامریکادان پەرەی سەند. ئەم هەستە دەروونیٚ یەکسانی خوازیەیە نەیدەتوانی خۆ بەزل زانی بەهۆی هێندیك ئیمتیاز کە وەك میرات پێگەیشتبو یان پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نەزمی کۆن تەحەمول بکات. ئەساس بو ئیعتباری هەرکەسێك تەنیا هێزی حەقیقی لەش و دۆلارەکانی بوو. لێرەدا بەهرەکێشی بەهەر رادەیەك بە شێوازگەلێکی دیموکراتێك تر بەرێوە بچی بە هەمان رادەش بە بێشك تر و جێگای باوەرتر، تەحەمول دەکریٚ. جابۆیە دیموکراسی لە چەشنی ئامریکا سەقامگیرترین بنەما بۆ دیموکراسییە و تائیستاش وەك گەورەترین هێزی دێتە ئەژمار. خاوەنکاران، خاوەنانی سامانە چەندین میلیاردیەکان، بە جوانی ئاگادارن کە دیموکراسی وەك ئامرازێکی دەسەڵاتەکەیان چ بایەخێکی هەیە و هەمو توانای مەعنەوی ولاتیش بۆ بەهێز کردنی ئەم هەستە بە کار دەبریٚ. تەنانەت سیاسەتی ئیستعماری ئامریکاش لەژێر کاریگەری فکری دیموکراسی دایە.**

**بیروڕای گشتی ئامریکا ناتوانیٚ تەحەمول بکات کە ئامریکا رەگەز و نەتەوە دەرەکییەکان بکاتە کویلە و لەژێر دەسەڵاتیدا بن. هەر بۆیە دەبی وا بنوێنن کە هاوپەیمانانی ئامریکا حکومەتی سەربەخۆیان هەیە. لە حالێکدا کە زل هێزی ماڵی بێرەقیبی ئامریکا کارێکی وای کردووە کە ئەم نەتەوانە لە بارودۆخێکی گەلێك دژواردا بژین و دەبیٚ ئەوە بزانین کە خەسلەتی دیموکراتیك هەستی باوەر بە دیموکراسی هەروا لە خۆرا نابنە هۆی سەرهەڵدانی دامەزراوە دیموکراتیکەکان. لە ئامریکاش وەك ئوروپا، نیزامی حکومەت لەسەر ئەساسی ئاوا یاسایەکن کە دەسەڵاتداریەتی کەمینەیەك تەزمین دەکات.**

**دوو روویی لە دیموکراسیدا بەهۆی فێڵ و تەلەکەی سیاسەتمەدارانی ساختەچی نیە، بەلکو رەنگدانەوەی تەناقوزات و ناکۆکییەکانی نیزامی سەرمایەداری و وەلامیکی سروشتی بەم ناکۆکییانەیە. ئەساسی سەرمایەداری یەکسانی هاولاتییانە، یانی یەکسانییە بۆ ئەو خاوەنداره تایبەتانە بۆ ئەوەی کە لە فرۆشتنی کالاکانی خۆیان دا ئازاد دەبن. سەرمایەدارەکان کالاکانیان دەفرۆشن، کریکارانیش هیزی کاری خۆیان. بەلام هەلس و کەوتی ئەوان وەك فروشیارانیکی ئازاد دەبیتە هۆی چەوسانەوە و کیشەی چینایەتی. سەرمایەدار ئاغایە و چەوسینەر، کریکاریش کویلەی راستەقینە، بەبیٚ ئەوەی سەرەتای یەکسانی حقوقی پێشێل کردبیٚ، ریك هەر بە رەعایەتی ئەو ئەسڵە، بەکردەوە دەگەینە هەل و مەرجیك کە یەکسانی کەسەکان لەناو دەچیٚ. ئاوایە دژایەتییە نیوخۆیییەکانی نیزامی سەرمایەداری کە دەری دەخات ئەم نیزامە ناتوانیٚ پایەدار بیٚ. هەر بۆیە سەیر نیە ئەگەر هەر ئەم جۆرە دژایەتییانە لە بواری سیاسەتیش دا ببینین.**

**زاڵ بونی کریکاران بەسەر ناکۆکییەکانی سەرمایەداریدا، تەنیا کاتیك مەیسەر دەبی کە بەسەر دیموکراسی بورژوازیدا زال بن. دیموکراسی مەسڵەکێکە کە ئەوان لە خەباتی بورژوازی کۆنەوە بەمیرات بۆیان بەجیٚ ماوە. و بورژوازی ئەمرۆکە بە بیرەوەرییەکانی دەورانی جەوانی خۆیەوە لەسەر دیموکراسی، دەژی.**

**مادام کریکاران دلیان بەو پەندانە خۆشە، یانی باوەریان بە دیموکراسی سیاسی هەیە و کردویانە بە بەرنامەی خەباتی خۆیان، هەر لەو داوەدا دەمیننەوە و بۆ رزگاری خۆیان دەست و پیٚ دەکوتن.**

لە سالی ١٩١٨دا کاتیك کە حکومەتی سەربازی ئالمان تیك روخا و هیزی سیاسی کەوتە دەست کریکاران، ئەو ئازادیە بۆ کریکاران بەدی هات کە ریکخراوی کۆمەلایەتی تایبەت بەخۆیان بونیات بنێن. لە هەموو شوێنیك شورا کریکاری و شوراکانی سەربازان پیك هاتن. ئەم شورایانە تا رادەیەك لەسەر ئەساسی تیگەیشتنی سروشتی پیویستییەکان و تا رادەیەکیش لەسەر ئەساسی ئولگوی روسیە پیك هاتن. بەلام ئەم کارە کە کریکاران خۆیان بەریوەیان برد لەگەل تیگەیشتنی نەزەری ئەوان کە سالانیکی دورودرێژ بە تەبلیغاتی سوسیال دیموکراسی بۆ بیروورای دیموکراتیك تەنرابو، نەدەهاتەوە و بەرپرسە سیاسییەکان ئەرکی زۆریان کێشا تاکو توانیان هەر ئەم بیرورایە دیسان بخەنە ناو میشکی کریکارانەوە. دیموکراسی سیاسی شتیکە کە بە دلی بەرپرسان کە بە یارمەتی ئەو دەتوانن وەك دەمراستی چینی کریکار لە بەریوەبردنی کاروبارەکان دا دەخالەت بکەن. دەتوانن باس و راویژ بکەن و بیرورای خۆیان لە پارلمان یا لەسەر مێزی وتووێژ بە رەقیبەکانیان بقەبولێنن. بەرپرسان بیر لە دەسەلاتی کریکاران بەسەر بەرهەم هینان دا و دور خستنەوەی سەرمایەداران ناکەنەوە و هەموو بیر کردنەوەشیان ئەوەیە کە لە سەروی دەولەت و کۆمەلگادا جیگیر بن و ببنە جێنشینی شازادەکان و سەرمایەداران. مانا و ناوەرۆکی شۆرشی ئالمان بۆ ئەوان ئەوە بوو. جا بۆیە بە هاودەنگ لەگەل هەموو بورژوازی ئالمان، لە دروشمی "دانانی کۆبوونەوەینەتەوەیی بۆ نوسینی یاسای بنەرەتی دیموکراتیك" پشتگیریان کرد. بەرپرسان بە پیچەوانەی گروپە شۆرشگیرەکان کە لایەنگری ریکخراوە شورایییەکان و دیکتاتوری پرولیتاریا بوون، لە یەکسانی حقوقی سەرجەم هاولاتیان کە بە بروای ئەوان پیویستی سەرەتایی بۆ عەدالەت بو، دیفاعیان دەکرد. ئەوان هەروەها دەیانوت ئەگەر کریکاران خوازیاری شوراکانن، دەتوانن شوراکان بکەنە یاسایی و بە گونجاندیان لە یاسای بنەرەتیدا بنەما حقوقییەکانی شوراکان بە رەسمیەت بناسن. ئاوا بوو کە جەماوەری کریکاران تووشی دوودلی بوون و نەیانتوانی دروشمێکی شیاو هەلبژێرن. کاریگەری لە مێژینەی بیرورای دیموکراتیکی لەسەر میشکی کریکاران بووە هۆی بێهێزی ئەوان هیچ چەشنە خۆراگرییەکیان لە خۆیان نیشان نەدا. بە بەریوەبردنی هەلبژاردن و بەستنی کۆبوونەوەی نەتەوەیی لە "وایمار"، بورژوازی ئالمان گیانیکی تازەی هاتەوە بەر و لە ناوەندی تەسمیم گیری و حکومەت سەقامی گرت. ئاوا بوو جەریانی ئەو روداوانەی کە سەرەنجام بوونە هۆی سەرکەوتنی دەولەتی بورژوازی لە ئالمان.

لە جەریانی شەری نیوخۆیی ئیسپانیاش دا، هەرچەند لە ئاستیکی چکۆلەتردا، بەلام هەل و مەرجیکی لەم چەشنە هاتە بەرەوە. لە شاری پیشەسازی "بارسلون"، کریکاران بە بیستنی هەوالی شۆرش، هیرشیان کردە سەر بەرپرسانی سەربازی و سەربازخانەکان و سەربازەکانیان ناچار کرد کە بە ریزی ئەوان پەیوەست بن و کاروباری ئیدارە کردنی شاریان بەدەستەوە گرت. گروپە کریکارییە چەکدارەکان، کە شەقام و کۆلانیان بەدەست بوو، دامەزراندنی نەزم و دابین کردنی بژیوی گشتییان لە ئەستۆ بوو. وە لە حالیکدا کە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەم هینان لەژیر چاوەدێری سەندیکاکان دا دریژەیان بە هەلسورانی خۆیان دەدا، کریکاران لە ناوچەکانی دەوروبەری "بارسلون" لەگەل هیزە چەکدارە شۆڤینییەکان شەریان دەکرد. لەم کاتەدا، ریبەرانی کریکاری چونە ناو "حکومەتی کۆماری دیموکراتیکی کاتالونی" کە بە بەشداری کۆماری خوازانی وردە بورژوا و سیاسەتمەدارانی سوسیالیست و کۆمۆنیست پیك هاتبو. مانای کارەکەشیان ئەوە بوو کە کریکاران لە جیاتی

شۆرش و خەبات لەپیناو چینی خۆیان دا دەبی لەپیناو ئامانجیکی هاوبەش، بجەنگن و دیفاعی لیٚ بکەن. لە دریژەی لاوازی‌یەکی سەرچاوە گرتوو لە پەندە دیموکراتیکەکان و کیشە نیوخۆیی‌یەکان دا، خۆراگری کریکاران لە بەرامبەر هیزەکانی حکومەتی کاتالان تیك شکاو و لەگەل زال بوونەوەی دوبارەی دەسەلاتی بورژوازی، دیسانیش وەك پیشو پولیسەکان رژانە شەقام و کۆلانەکان و هەروەك پیشو هیرشیان دەکردە سەر ژنانی کریکار کە لەبەر دەرکی نانەواخانەکان ریزیان بەستبوو. چینی کریکار دیسانیش تووشی شکست هات. بەمجۆرە یەکەمین قۆناغی ریگایەك کە کۆتایی‌یەکەی روخانی کۆماری و دامەزراندنی دیکتاتوری نیزامی بوو، تیپەر کرابو.

هاوکات لەگەل ئەزمە کۆمەلایەتی‌یەکان یان شۆرشە سیاسی‌یەکان، یان روخانی دەولەت، دەسەلات دەکەویتە دەست هیزە کریکاری‌یەکان. لە ئاوا وەزعیك دا، چینی دەسەلاتدار و سەرمایەداری لەگەل گرفتیکی نویٚ بەرەورو دەبیٚ، چۆن دەبیٚ هیز لە چنگ جەماوەر بێنێتە دەریٚ؟ لە رابردودا ئاوا بووە، ترس لەوەیە کە لە داهاتووش دا هەروا بیٚ. دیموکراسی پارلمانی ئامراز و کەرەسەیەکی شیاوە بۆ رازی کردنی جەماوەر بۆ لەدەست دانی هیزیان. بە بەلگە هینانەوە لە یەکسانی "صوری" واتە یەکسانی لە بەردەم یاسادا، هەول دەدەن کریکاران بێننە سەر ئەو بروایە کە چاوپۆشی لە هیز بکەن و بە تیکەل کردنی ریکخراوەکانی خۆیان لەگەل زنجیرەی دەولەتی رازی بن و "سلسلە مەراتب" قەبوول بکەن.

کریکاران لەئاست ئەم مەترسی‌یە لە چەکیك زیاتر هیچی‌تریان نیە، ئەویش، وەفادار مانەوە بە فکری شوراکان وەك ئامرازگەلیك بۆ گەیشتن بە یەکسانی باشتر و تەواوتر. ئایا شوراکان هەر هەمان جۆری ریکخستنی شیاو بۆ پیکهینانی یەکسانی لە کۆمەلگایەك دا نین کە بەرهەم و بۆنی مرۆڤایەتی لە ئەوان دا ئاگاهانە ئیدارە دەکریٚ؟ ئایا لە ئاوا کۆمەلگایەك دا ئیتر وشەی دیموکراسی باوی دەمێنیٚ؟ چونکە لە وشەی دیموکراسی‌دا پاش گری "کراسی" بە مانای سەروەری و مەزنی‌یە، یانی شتیك کە لە بەریوەبردنی ولات دا بە شیوەی شورایی بونی نیە. لەو شوینەی کە کەس بە دەنگی ژمارەیەك خەلکی هاومەبەستەوە هەلدەبژیردریٚ، ئیتر حکومەتیك کە بەسەر سەری خەلکەوە بیٚ لە ئارادا نیە. خەلك بۆ خۆیان حکومەت دەکەن.

ریکخراوی شورایی تەنیا ئامرازیکە کە بەشەریەتی زەحمەتکیش پیی بە ئامانج دەگات، بیٚ‌ئەوەی کە بۆ بەرەوپیش چوون و هەلسورانەکانی پیویستی بە حکومەت بیٚ. ئەگەریش بە راستی بمانهەویٚ بە بایەخی عاتفی وشەی دیموکراسی کە لە کۆنەوە لە ناخمان دایە وەفادار بمێنینەوە، دەتوانین بلێن کە ریکخستنی شورایی باشترین شیوەی دیموکراسی، راستەقینەترین دیموکراسی‌یە لە کاردا. دیموکراسی سیاسی، دیموکراسی بورژوازی لە باشترین نمونەشی‌دا، جیا لە روکەشێك لە دیموکراسی نیە. لەم جۆرە لە دیموکراسی‌دا بە هەر کەسیك مافی یەکسان دەدریٚ، بەبیٚ ئەوەی کە ئەو کەسە لە ژیانی‌دا کەمترین بیر لە ئەمنیەت بکاتەوە. چونکە ئەم جۆرە دیموکراسی‌یە سەرنج ناداتە ژیانی ئابووری یان بەرهەم هینان. کریکاریش لە مافی یەکسان لەگەل ئەوانی‌تر بەهرەمەندە. بەلام مافی یەکسانی ئەو تەنیا مافی فرۆشتنی هیزی کاری ئەوە بەبیٚ ئەوەی کە تەنانەت ئەرخەیان بیٚ کە مشتری پیویستی هەمیشە دەبیٚ.

لە حالیکدا دیموکراسی شوراکان، بە پیچەوانە، دیموکراسی‌یەکی راستەقینەیە چونکە بڕێوی سەرجەم بەرهەم هینەران کە وەك خاوەنانی ئازاد و یەکسان لە بەرژەوەندی دابین کردنی ژیانی خۆیان پیکەوە هاوکاری‌یان هەیە، تەزمین دەکات. بێهودەیە کە بۆ دابین کردنی بەشداری بەکردەوەی هەموان لە تەسمیم گیری‌یەکان دا چاوەروانی پەسەند کردنی یاسا و فەرمانەکان دانیشین. یەکسانی راستەقینە لەم بوارەدا کاتیك بەکردەوە مەیسەر دەبی کە کار لە سەرجەم شیوەکانی دا لەلایەن خودی کریکارانەوە ریکخریٚ. لە ئاوا حالەتیك دا مفتەخۆران کە هیچ دەورەیەکیان لە بەرهەم هینان دا نیە، هەروا لە خۆرا لە هەرچەشنە دەخالەتیك لە تەسمیم گیری‌یەکان دا دەردەهاویژرین و خستنە لاوەشیان بە مانای نەبوونی دیموکراسی نابیٚ، چونکە هۆکاری دەرهاویشتنیان لە تەسمیم گیری‌یەکان دا بوونی شەخسی ئەوان نیە، بەلکو دەورونەقشی ئەوانە.

زۆرجار دەبیستری کە جیهانی نویٚ لەگەل دووریانێکی بنەرەتی بەرەورویە، یان دیموکراسی یان دیکتاتۆری. لەوەش بەو ئاکامە دەگەن کە بۆ دور کەوتنەوە لە دیکتاتۆری چینی کریکاری دەبی لە ئارمانی دیموکراسی پشتگیری بکریٚ. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەم دابەش کردنە نیشانەی بوونی کەلین و کەلەبەر لەنیو گروپە سەرمایەدارەکاندا سەبارەت بەم مەسەلەیەیە. ئایا دەبی مانەوەی ئەو نیزامەی لە سەرکارە لە ریگاگەلیکی هیمنانەوە دابین بیٚ یان لە ریگای پشت بەستن بە توندوتیژی و داسەپاندنی دیکتاتۆری؟ ئەمە هەر ئەو گرفتە هەمیشەیی‌یە. یانی باشترین شیوە بۆ بەرگری کردن لە خرۆشانی کۆیلەکان کامەیە؟ ریٚوشوینی باوکانە یان تەنبیٚ و توندوتیژی؟ هەلبەتە ئەگەر لە کویلەکانیش بپرسن بیٚشك باشی و جوامیٚری لەئاست خۆیان هەلبژیٚرن تاکو بیٚروحی درندەیی. بەلام ئەگەر کۆیلەکان فریوی خاوەنکاران بخۆن و بۆ گەیشتن بە ئازادی ریگای نەسیحەت کردن بگرنە بەر، بیٚشك هیچ کات رزگاری بە خۆیانەوە نابینن. لە سەردەمی ئیمەدا، لە لایەنی چینی کریکارەوە مەسەلەکە بەمجۆرەیە کە، یان ریکخراوی شورایی، یان دیموکراسی کریکاران. یان دیموکراسی راگەیەندراو، یانی دیموکراسی پر لە فیل و تەلەکەی بورژوازی. کریکاران بە پشت بەستن بە دیموکراسی شوراکان، مانا و ناوەرۆکی خەبات دەگۆرن و لە جیاتی ناوەرۆکی سیاسی، ناوەرۆکی ئابووری دەگرنە بەر. یان بە واتایەکی دەقیق تر، لەجیاتی فورمولە بیٚناوەرۆکەکان، هەنگاوی سیاسی شۆرشگیرانە هەلدیٚننەوە کە ئەوەش هەر هەمان زال بوون بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هینان دایە. چونکە سیاسەت هیچ شتیك جیا لە کەرسەی ئابووری نیە.

وشەی دیموکراسی سیاسی تەنیا بۆ بەلاریٚدا بردنی کریکاران لە ئامانجی راستەقینەیانە. کریکاران تەنیا بە خەبات کردن بۆ وەدی هاتنی ریکخراوی شورایی‌یە کە دەتوانن گرفتی گەورە، گرفتی سەرەکی ژیانی کۆمەلایەتی سەردەمی ئیمە چارەسەر بکەن.

وەرگێرانی ئازاد لە نوسراوەیەکی پانەکۆك